پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- نەهی کردووە: لە سواربوون یان خواردنەوەی شیری وشترێک کە شتی بۆگەن بخوات

لە ئیبن عومەرەوە -ڕەزای خوایان لێبێت- دەڵێت: «پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- نەهی کردووە: لە سواربوون یان خواردنەوەی شیری وشترێک کە شتی بۆگەن* بخوات». *(شتی بۆگەن: وەکو پاشەڕۆی ئاژەڵەکان)

[صەحیحە] [ئیبنو ماجە گێڕاویەتیەوە - تورموذی گێڕاویەتیەوە - ئیبنوداود گێڕاویەتیەوە]

شیکردنەوەی فەرموودەکە: نەهی کراوە لە لە سواربوون یان خواردنەوەی شیری وشترێک کە شتی بۆگەن* بخوات، وهەروەها نەهی کراوە لە خواردنی گۆشتەکەیشی هەروەکو لە فەرموودەی تردا هاتووە، وشتی بۆگەن هەموو شتێکی تر دەگرێتەوە تەنها پاشەڕۆی ئاژەڵ ناگرێتەوە یان ئەگەر زۆرینەی ئالیکەکەی -عەلەفەکەی- شتی پیس وبۆگەن بوو؛ چونکە گۆشت وشیرەکەی لە شتی پیسەوە پێگەیشتووە بۆیە پیسن، بەڵام ئەگەر سێ ڕۆژ یان زیاتر لەوەڕ وئالیکی پاکی پێبدرێت؛ لەم حاڵەتەدا قەدەغەکردنە نامێنێت وهەموو بەرهەمەکانی حەڵاڵ دەبێت. *(شتی بۆگەن: وەکو پاشەڕۆی ئاژەڵەکان)

http://sunnah.global/hadeeth/ku/show/64648